# چەکی کۆکوژ و کاریگەریەکانی

لە ١٥-١٦ی ٤ی ١٩٨٧دا هێزی ئاسمانی عێراق بە بۆمبی کیمیایی گووندەکانی جافاتی و دۆڵی بالیسانی لە باکوری عێراق بۆردومان کرد. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژوودا دەوڵەتێک چەکی کیمیایی دژ بە هاووڵاتیانی خۆی لە گووندەکان بەکاربێنێ.

دوای ئەوەی سەدام حسێن سەرۆکی عێراق وەک هەر بڕیارێکی دیکە فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی دژ بە خەڵکی کوردستان دەرکرد، دژوارترین هێرشی کیمیایی لە ١٩٨٨/٣/١٦دا کردە سەر شاری هەڵەبجە کە لە سەر سنوری عێراق - ئێراندا هەڵکەوتوە. هێزی ئاسمانی عێراقی بۆمبی خەردەل، گازی سارین و تابونیان بە سەر هەڵەبجەدا باراند، نزیکەی ٥ هەزار کەس کوژران زیاتر لە ١٠ هەزاری دیکەش بریندار بوون.

ئەم ڕێبەرە زانیاری لە سەر دوو کورتە فیلمی دۆکیومێنتاری تیدایە لە بارەی کاریگەری درێژخایەنی چەکی کیمیایی لە سەر خەڵکی هەڵەبجە.

فیلمی یەکەم **"گوتەی شایەتحاڵەکانی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨دا"** ئەو گرتە ئەرشیفیانە لە خۆدەگرێ لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تۆمارکراوون، شایەتحاڵەکان و ئەو گووندیانەی ماوون ڕووداوەکە دەگێڕنەوە. دەبێ بینەری فیلمەکە ئاگاداربکرێن کە هەندێ وێنەی تراژیدی تێدایە کاریگەریەکانی دوای هێرشەکە نیشان دەدەن.

فیلمی دووەم **"مناڵە وونبوەکانی هەڵەبجە: بەسەرهاتی زمناکۆ"** ئەم فیلمە چیرۆکی مناڵێکی هەڵەبجەیە بە ناوی زمناکۆ محمەد ئەحمەد، زمناکۆ رزگاربووی کیمیابارانی هەڵەبجەیە بەڵام لە خێزانەکەی وونبوە براوە بۆ ئێران لەوێماڵێک هەڵیانگرتوەتەوە. زمناکۆ ئێستا پیاوێکە، دەگەڕێتەوە هەڵەبجە دوای ٢١ ساڵ دایکی خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەم ڕێبەرە بەشێکە لە پاکێجی فیلمەکە، هەر بەشێکی بە وردی سەرنج لە سەر دیوێکی شاڵاوەکە دادەنێ. مەرج نیە هەر جوار بەشەکەی ئەم ڕێبەرە بخوێنرێن بەڵکو وەک سەرچاوە بەکاردەهێنرێن، فێرکارەکان دەتوانن ئەوەی مەبەستیانە لە نیو بەشەکاندا بە قوتابیەکانی بڵێن، پرسیاری لە بارەوە بوروژێنن زیاتریش سەرنج لە سەر ئەو لایەنانەی دابنێن کە زانینی بۆ قوتابیەکان پێویستە.
**زانیاریەکان بۆ قوتابیانی تەمەن ١٦ ساڵ و سەروترن.**

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

تەواوکەری لاپەڕەی پێشوو

بەشی یەکەم

# هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە

"لە بیرمە گازی کیمیایی وەک باران دەباری، چاووم سور هەڵگەڕابوون پڕ بوون لە خوێن، وەک باڵدارێکی بریندار بەملا و ئەولادا دەکەوتم. گازەکە زۆر بەهێز بوو ژیانمی بۆ هەمیشە خراپ کرد."

– ئەردەڵان ئەنوەر قادر

## سەرنجدانانی وانەکە:

- سەرەتایەک سەبارەت بە شەڕی ئێران-عێراق.
- گفتوگۆ بکرێت لە سەر جیاوازی نێوان سەرباز، پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلدا.
- بیر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیای بکرێتەوە لە کاتی شەڕدا.

## ئامانجەکانی فێربوون:

- تێگەیشتن لەوەی بۆ چی کوردە سڤیلەکان لە شەڕی عێراق – ئێران لە هەشتاکاندا کرانە ئامانج.
- بیر لەوە بکرێتەوە بۆ چی سەدام حسێن چەکی کیمیای و جۆرەکانی دیکەی چەکی لە شەڕدا بەکارهێنا.

## وانەی خوێندن:

بە قوتابیەکان بڵێ کەمێکی دیکە دوو کورتە فیلمی دۆکیومێنتاری دەبینن سەبارەت بە هێرشی کیمیایی سەر هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق لە ١٩٨٨/٣/١٦. هوشداری بە قوتابیەکان بدەن یەکێک لە دۆکیومێنتاریەکان وێنەی تراژیدی تیایە وەک برینداری سەخت و مردنی بە کۆمەڵی خەڵک.

هەردوو فیلمەکە نیشان بدە "گوتەی شایەتحاڵەکانی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨دا" هەروەها "مناڵە ونبووەکانی هەڵەبجە بەسەرهاتی زمناکۆ"

گفتوگۆی ئەوە بکەن بۆ چی رژێمی سەدام حسێن پەنای بردە بەر ئەم توندوتیژیە زۆرە بۆ کۆتایهێنان بە شۆڕشی کورد دژ بە خۆی. باسی ئەزمونی پێشووی کورد بکە کە عێراق، ئێران و تورکیا هێزی گەورەی سەربازیان بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکانی کورد، باسی داخوازیەکانی کورد بکەن لەو کاتەدا، ئیستاش کورد دەیانەوێ چی بە دەست بێنن.

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

بۆ خوێندکارەکان باس لە هێرشی سەر هەڵەبجە بکە لە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەدا:

- **شەڕی نێوان عێراق و ئێران ١٩٨٠ – ١٩٨٨ی خایاند.** شەڕ کاتێ بە جددی دەستیپێکرد کە عێراق هەوڵی گەڕانەوەی ئەو خاکەی دەدا لە ١٩٧٥دا بە ئێرانی دابو لە باشوری هەردوو وڵاتدا. عێراق ئەم سازشەی بۆ ئێران کردبوو تاکو لە بەرامبەردا ئێران دەست لە پشتگیری شۆڕشی کورد هەڵگرێ. ئەم خاڵە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا واژۆکرا.

- **هۆکاری دیکە هەبوو سەدام حسێنی هاندا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران ساڵی ١٩٨٠.** ئەو هەستی بە هەڕەشەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکرد ، ساڵی ١٩٧٩ دەیویست حوکمی ئایەتوڵا خومەینی کۆتای پێبێنێ بەر لەوەی تەحەدای سەدام بکات. بە مانایەکی دیکە شەڕ گورزێک بوو زوو وەشێنرا بەر لەوەی ئێران دەست بکاتەوە.

- **لە قۆناغی کۆتای شەڕی ئێران – عێراقدا، ئێران هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کرد بۆ دەرکردنی سوپای عێراق لە هەڵەبجە.** لە تۆڵەی ئەوەدا عێراق پەلاماری هەڵەبجەی دا بە گازی ژەهراوی، لە ١٩٨٨/٣/١٦دا نزیکەی ٥ هەزار کوردی سڤیل کوژران زیاتر لە ١٠ هەزاری دیکەش بریندار بوون. زۆر لە ڕزگاربوەکان دووچاری نەخۆشی درێژخایەن بوون دوای ساڵانێکی درێژ هێشتا خەڵکێکی زۆر لە ژێرکاریگەری گازە ژەهروایەکەدا نەخۆشن.

- **حکومەتی سەدام حسێن بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکرد چونکە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بە پێی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ قەدەغەکراو بوو.** ئەمە جاری یەکەم نەبوو حکومەتی سەدام حسێن چەکی کیمیایی دژ بە خەڵک بەکاربێنێ. ١١ مانگ پێش هەڵەبجە هێزەکانی عێراق گازی کوشندەیان لە دۆڵی جافاتی و بالیسان بەکارهێنا کە دەکەونە باکوری هەڵەبجە. بۆردومانی کیمیایی تۆڵە سەندنەوە بوو لە گووندیەکان لە بەرامبەر پشتگیریاندا بۆ پێشمەرگە و سەرکردایەتی کورد کە لەگەڵ ئێراندا هاوئاهەنگیان هەبوو دژ بە سوپای عێراق. ڕژێمی سەدام حسێن بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان تاکو کۆتایی مانگی ٨ی ١٩٨٨.

## پرسیار و بەدواداچوون:

- چەن کەس لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کوژران؟
- چەند کەس بریندار بوون؟

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

## چالاکیەکان:

- با خوێندکارەکان بگەڕێن بۆ پێناسەی سەرباز، پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل. باسی ڕۆڵی هەریەکەیان بکەن لە کاتی شەڕدا ئەو دەمەی لە گووندەکان دەژیان.
- با خوێندکارەکان راوبۆچونی خۆیان بڵێن بە رای ئەوان بۆ چی سەدام حسێن گازی کیمیایی بە سەر خەڵکی هەڵەبجەدا کرد، ئامانج چیە لە کوشتنی خەڵك؟ بۆ چی بە تەنها سەربازەکانی نەکردە ئامانج؟ ئەگەر خەڵکی بۆردومان نەکردایە کاریگەری هێرشەکە چی دەبوو؟ کاریگەری ئەمە چی دەبوو لە سەر ئەنجامەکانی شەڕ؟
- باسی ئەوە بکەن ئایا هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لە سەر چارەنوسی خۆیان بدەن لە چ وڵاتێکدا بژین؟ ڕێگە بە قوتابیەکان بدە با هۆکارەکانیان شی کەنەوە.
- با خوێندکارەکان لە سەر ئەوە قسە بکەن ئایا نیشتمانیان بۆ گرنگە یان ئەو گەلەی لە سەر خاکی نیشتمان دەژین، ئەمە بۆ سەرکردە سیاسیەکان گرنگە؟ بۆچی؟

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

تەواوکەری لاپەڕەی پێشوو

بەشی دووەم

# چەکە کیمیاییەکان چین؟

"هەستم بە بۆنی پێستم دەکرد وەک گۆشت دەبرژا، سەرم ئاوسابوو دەموچاویشم ڕەش داگەڕابوو. هەر دەکۆکیم خوێن بە چاومدا دەهات."

– بێخاڵ عەلی حەمەبۆر

## سەرنجدانانی وانەکە:

- سەرەتایەک لە سەر بۆردومانی کیمیایی.
- تێگەیشتن لە کاریگەری خێرای چەکی کیمیایی لە سەر جەستە.

## ئامانجەکانی فێربوون:

- قوتابی تێبگا چەکی کیمیایی چین و چۆن بڵاودەبنەوە.
- تێبگەن لە جیاوازی نێوان چەکی کیمیایی لەگەڵ چەکی سوتێنەر، بۆمب و ئەو چەکانەی دەتەقێنرێن.
- تێگەیشتن لە کاریگەری خێرای چەکی کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ.
- خوێندکارەکان بزانن یاسای نێودەوڵەتی چی دەڵێ لە سەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کاتی شەڕدا دژ بە خەڵک.
- تێگەیشتن و گفتوگۆ لە بارەی کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد.

## وانەی خوێندن:

ئەم بەشە بە تایبەتی بۆ ئەوە دانراوە لەگەڵ ئەم فیلمەیان گفتوگۆ بکرێ **"گوتەی شایەتحاڵەکانی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨دا"**.

بەرلەوەی دەست بە وانەکە بکەی بڕۆ بۆ بەشی کۆتایی ئەم ڕێبەرە پەروەردەییە، ئەو لاپەڕەیە بدۆزەرەوە کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی **"کاریگەری ماددەی کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ"** کۆپی بکە و بە سەر قوتابیەکاندا دابەشی بکە یان لە سەر سکرین نیشانیان بدە.

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

هوشداری بە خوێندکارەکان بدە کە فیلمەکە هەندێ گرتەی تراژیدی تێدایە لە کوشتنی بە کۆمەڵ و بریندداری سەخت. فیلمەکە بە تەنها نیشان بدە یاخود لەگەڵ فیلمی **"منالە وونبوەکانی هەڵەبجە: بەسەرهاتی زمناکۆ"** .

دوای تەماشاکردنی فیلمەکە ئەو لاپەڕەیە بخەرە بەردەست خوێندکارەکان کە تایبەتە بە "کاریگەری کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ' هەروەها پرسیارەکانی گەنگەشە بکەن و چالاکیەکان پراکتیز بکەن تاکو خویندکارەکان تێبگەن لە کاریگەری چەکی کیمیای.

بۆ قوتابیەکان باس بکە کەوا لە چەکی کیمیاییدا ماددەی زۆر ژەهراوی هەن بەکاردەهێنرێن بۆ زیان گەیاندن بە خەڵک و کوشتنیان. لاپەڕەی زانیاریەکان بەکاربێنە باسی جۆرەکانی گازی کیمیایی بکە کە دژ بە خەڵکی گووندەکان ئەوانەی لە فیلمەکاندا قسە دەکەن بەکارهێنرابوو. گفتوگۆی کاریگەری چەکی کیمیایی بکە لە سەر لەشی مرۆڤ.

## پرسیار و بەدواداچوون:

- چ ماددەیەکی ژەهراوی لە هێرشی سەر هەڵەبجەدا بەکارهێنرا؟
- چۆن بۆمبە کیمیاییەکان بەردرانەوە؟
- لە چ کاتێکی رۆژدا بۆمباران دەستپێکرد؟
- لە چ بەروارێکدا بوو؟
- پێش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سوپای عێراق چ جۆرە چەکێکی بەکار دەهێنا؟
- چی بەسەر ئەو گووند نشینانەدا هات کە لە ژێر زەمینەکاندا خۆیان حەشار دابوو؟

## چالاکیەکان:

- لاپەڕەی زانیاریەکان بەکاربێنە، باسی ئەو ماددانە بکە کە لە بۆمبەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەکارهێنران، چۆن بڵاو بوونەوە. کاریگەری راستەوخۆی هەر یەکێک لەو چەکە کیمیاییانە لە سەر خەڵک چی بوو؟ کاریگەری درێژخایەنیان چی بوو؟

- لە خوێندکارەکان بپرسە بۆ چی هێزەکانی سەدام حسێن زیاتر لە یەک جۆر گازی کیمیاییان بەکارهێنا، کاریگەری ئەمە چی بوو لە سەر خەڵکی هەڵەبجە؟

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

- بۆ ئەم چالاکیانە پێویستە کۆنترۆڵی کات بکەی. بۆ هەر خوێندکارێک  لە گروپەکاندا ژمارە ١ – ٤ دیاریبکە، بە پێی ڕێژەی بەشداربوان ژمارەکان دابەش بکە. ئەم قسانەی بەرکەوتویەکی کیمیایی بخوێنەرەوە کە دەربارەی هاوڕێ و خزمەکانی کردوونی "دەتبینین دەڕۆیشتن لە پڕا وەک گەڵای دار دەکەوتنە سەر زەوی". بە خوێندکارەکان بڵێ هەستنە سەرپێ بە ژوورەکەدا پیاسە بکەن لەگەڵ ئەوانە تەوقە بکەن کە بەلایاندا تێدەپەڕن. دوای یەک خولەک بە هەموو ئەوانە بڵێ کە ژمارەیان یەکە لە سەر زەوی پاڵ کەوون. دوای خولەکێکی دیکە بەوانە بڵی پاڵ کەوون کە ژمارەیان دووە، با ئەوانەش کە ژمارەیان سێیە پاش خولەکێکی دیکە پاڵ کەوون، ئەو خوێندکارانەی بە پێوە ماوون با بە دەوری ئەوانەدا بێن و بڕۆن کە پاڵ کەوتوون، دواییش هەمویان بچنەوە سەر کورسیەکانیان. ئیستا با خوێندکارەکان باسی هەست و تێڕوانینی خۆیان بکەن دوای ئەوەی لە چالاکیەکەدا بەشدار بوون.

- بە قوتابیەکان بڵێ  بگەڕین بۆ پێناسەی چەکە سوتێنەرەکان وەک ناپاڵم و ئەو چەک یا تەقەمەنیانەی دەتەقنەوە وەک بۆمبی چێنراو، لەگەڵ ئەو چەکانەی فیشەک دەتەقێنن. لە گروپدا خوێندکارەکان باس لە کاریگەری هەر یەک لەو چەکانە بکەن، گفتوگۆ بکەن لە سەر زیانی چەکەکان کامیان زیاتر زیان بەخشە. ڕێگە بە قوتابیەکان بدە باسی هۆکارەکانی خۆیان بکەن سەبارەت بە بابەتەکە.

◆ ◆ ◆

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

بەشی سێهەم

# کاریگەری درێژخایەنی چەکی کیمیایی لە سەر خەڵکی هەڵەبجە

"زۆر حاڵەتی هەناسە تەنگیمان بینین بە هۆی لەکار کەوتنی سیەکانەوە، کەیسی تایبەت بە چاو لە نێویاندا حەساسیەتی چاو و سوتاندنەوەی هەروەها زۆر حاڵەتی دیکەشمان بینی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دەمار. سەیرە لە میانی دوو رۆژدا لە نێو ٤٠ هەزار کەسدا ٥٠٠ کەیسی نەخۆشی دەستنیشانکران لە کاتێکدا پێشتر هیچکام لەو نەخۆشیانە لە ناو خەڵکی هەڵەبجەدا نەبوون."

– دکتۆر فواد بابان خەڵکی سلێمانیە لە هەڵەبجە گەورە بوە ساڵی ١٩٩٨ ئەم قسانەی کردوە

## سەرنجدانانی وانەکە:

- تێگەیشتن لە کاریگەری درێژخایەنی گازی کیمیایی لە سەر جەستەی خەڵک.
- تێگەیشتن لە کاریگەری درێژخایەنی گازی کیمیایی لە سەر باری دەرونی خەڵکی هەڵەبجە.
- تێگەیشتن لە دەرئەنجامی گازی کیمیایی هەڵەبجە.

## ئامانجەکانی فێربوون:

- زانینی کاریگەریە وێرانکەرەکانی چەکی کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ و نەوەکانی داهاتوو.
- سەرنج دابنرێ لە سەر کاریگەری چەکی کیمیایی  بۆ سەر خێزانەکانی هەڵەبجە.
- تێگەیشتن لەوەی چۆن  قوربانیەکانی هەڵەبجە دووچاری تراوما (سەدمە) بوون.
- قوتابی خۆی بخاتە جێی شایەتحاڵەکان هەست بە چی دەکات کاتێ ئەم جۆرەی مردن و بریندراری ببینێ لە ئەنجامی بۆردومانی کیمیاییدا.
- گفتوگۆی کاریگەری چەکی کیمیایی  لە سەر خێزانەکان.

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

تەواوکەری لاپەڕەی پێشوو

## وانەی خوێندن:

ئەم بەشە هانی خوێندکارەکان دەدات بیر لە کاریگەریەکانی چەکی کیمیایی بکەنەوە دوای ماوەیەکی زۆر لە کۆتایی شەڕ.

دوای بینینی هەردوو فیلمەکە **"گوتەی شایەتحاڵەکانی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨دا"** هەروەها **"مناڵە وونبووەکانی هەڵەبجە بەسەرهاتی زمناکۆ"** ئەم پرسیارانە بکە و چالاکیەکان بە پراکتیز ئەنجام بدەن بۆ زانینی کاریگەری درێژخایەنی چەکی کیمیایی لە سەر تاک و خیزانەکانی هەڵەبجە.

کۆپی ئەو لاپەڕەیە بکە کە تایبەتە بە "کاریگەری ماددەی کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ" بە سەر قوتابیەکاندا دابەشی بکە یاخود لە سەر سکرین نیشانیان بدە بۆ ئەوەی یارمەتی خوێندکارەکان بدەی وەڵامی پرسیارەکان

## پرسیار و بەدواداچوون:

- چی بە سەر دانیشتوانی هەڵەبجەدا هات لە کاتی هێرشەکەدا؟ دوای هێرشەکە چیان بەسەر هات؟
- چەند منالً دوای هێرشەکە وون بوون؟
- مالًی زمناکۆ چیان لێ بەسەرهات؟ کێ مرد؟ چەندیان لە هێرشەکەدا رزگاریان بوو؟ چەند کەسیان هێشتا لە ژیاندان؟
- چۆن زمناکۆ زانی کێ دایکی راستەقینەیەتی؟

## چالاکیەکان:

- لاپەڕەی زانیاریەکان بەکاربێنە، باس لە کاریگەری درێژخایەنی چەکی کیمیایی بکە لە سەر لەشی مرۆڤ: شێرپەنجە، نەزۆکی، کەم ئەندامی زگماک، کوێربوون، نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە، گۆڕانکاری بۆماوەیی و بەرکەوتەی دەروونی. گفتوگۆی ئەوە بکە ئایا دەبێ چەکی کیمیایی لە سەر ئەم هۆکارانە قەدەغە بکرێ.

- سوود لە لاپەڕەی زانیاریەکان وەربگرە، با خوێندکارەکان گفتوگۆ بکەن لە سەر کاریگەری درێژخایەنی بۆماوەیی گازەکە لە سەر لەشی مرۆڤ. با گفتوگۆی ئەوەش بکەن ئایا سوپای عێراق بە دەستی ئەنقەست ویستی کاریگەریی گازەکە لە سەر خەڵک هەر بمێنێ، ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو بۆچی؟ وەک نەتەوە لەوانەیە کاریگەری ئەم چەکانە لە سەر کورد چی بن؟ کاریگەری ئەم رووداوانە لە سەر کورد چی دەبن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی؟

- لە خوێندکارەکان بپرسە هەست بە چی دەکەن کاتێ هەواڵی چارەنوسی هەندێ لە ئەندامانی خیزانەکەیان نەزانن ئایا مردوون یا ماوون، با قوتابیەکان لە سەر ئەوە گفتوگۆ بکەن ئایا باشترە باوک و دایک بزانن مناڵە وونبووەکانیان مردوون یاخود نەزانن باشترە. بە خوێندکارەکان بڵێ هۆکاری وەڵامەکانیان روون بکەنەوە.

• • •

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

تەواوکەری لاپەڕەی پێشوو



# مامەڵەکردن لەگەڵ تراومادا (سەدمە)

"هەستێکی زۆر سەیرە ناوی خۆت لە سەر کێلی گۆڕێک ببینی بەر لەوەی بمری"

– زمناکۆ محەمەد

## سەرنجدانانی وانەکە:

- سەرنج دابنێ لە سەر کاریگەری تراوما لە ئەنجامی هێرشی سەر هەڵەبجەدا.
- هێرشەکە بە چ شێوازێک کاریگەری لە سەر خێزانەکان دانا.
- ئەو شێوازانە لەبەرچاو بگرن کە دەکرێ قوربانیەکان لە ڕێی هونەرەوە گوزارشی لیبکەن سەبارەت بە هێرشەکە.

## ئامانجەکانی فێربوون:

- بیر لەو بارودۆخە بکەنەوە بە سەر زمناکۆ محەمەددا هاتوە.
- بیر بکەنەوە ژیانتان چۆن دەبوو ئەگەر یەکێک بوونایە لە مناڵە وونبوەکانی هەڵەبجە.
- بیر بکەنەوە ژیانتان چۆن دەبوو ئەگەر یەکێک بوونایە لەو باوک و دایکانەی هەڵەبجە کە مناڵەکانیان وون بوون
- لەوە تێبگەن هێشتا دەرئەنجامەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە هەستیان پیدەکرێ.
- قسە لە سەر ئەوە بکرێ بۆ چی گرنگە ڕوداوە تراژیدیەکان و قوربانیەکان بیربهێنرێنەوە.

## وانەی خوێندن:

ئەم بەشە بە تایبەتی لەگەڵ فیلمی **"مناڵە وونبوەکانی هەڵەبجە بەسەرهاتی زمناکۆ"** دەخوێنرێت.

دوای تەماشاکردنی یەکێک لە فیلمەکان یان هەردووکیان پرسیارەکان بکە ئەم و چالاکیانەی خوارەوەش ئەنجام بدەن، گفتوگۆی ئەوە بکرێ دەبێ خەڵک چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ تراومای دوای ڕووداوەکان. بە قوتابیەکان بڵێ با خۆیان بخەنە جێی زمناکۆ و زۆر لە ڕزگاربوەکانی هەڵەبجە.

بۆ لاپەڕەی داهاتوو

## پرسیار و بەدواداچوون:

- تەمەنی زمناکۆ چەند بوو کاتێ دایکی راستەقینەی خۆی بینی؟
- بە هۆی بۆردومانەکەوە زمناکۆ چ زەحمەتی و ئاستەنگی لە ژیانیدا بینی؟ بۆ ماوەی چەند زەحمەتی بینی؟
- کێ زمناکۆی بەخێوکرد دوای ئەوەی رزگاری بوو؟
- چی لە دایکی هات؟ برا ئێرانیەکانی چیان لێ بەسەرهات؟
- زمناکۆ هەستی بە چی کرد کاتێ زانی دوای ڕووداوەکە لەوانەیە کەس و کاری راستەقینەی خۆی مابن؟

## چالاکیەکان:

- لە خوێندکارەکان بپرسە جگە لەو منالانەی دۆزراونەتەوە پێیان وایە هێشتا منالی دیکە ماوون کە لە بۆردومانەکە رزگاریان بوە بەلام ونن؟

- لە قوتابیەکان بپرسە دایکە ئێرانیەکەی چ ناوێکی لە زمناکۆ نابوو. پێیان بلێ زمناکۆ تەمەنی چەند بوو کاتێ ناوە کوردیەکەی زانی. با خوێندکارەکان گفتوگۆ بکەن لە سەر کاریگەری بوونی دوو ناوو و ناسنامەی جیا بۆ یەک کەس، ئەمە کاریگەری چی دەبێ لە سەر کەسایەتی ئەو کەسە. قوتابیەکان هەست بە چی دەکەن ئەگەر پێیان بگوترێ ناوێکی دیکە و خێزانێکی ترتان هەیە.

- ئەو راستیانە گەنگەشە بکەن لەوانەیە هەندێ لە منالە وونبوەکان لەو مالانە گەورە بووبن بێ ئەوەی بزانن منالی ئەو مالە نین نەشزانن رزگاربووی کیمیابارانی هەلەبجەن. لە خوێندکارەکان بپرسە ئەو منالانەی ماوون باشترە بزانن چی لە چارەنوسی خێزانەکانیان هاتوە دوای کیمیاباران یاخود باشتر وایە درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن بێئەوەی بە راستیەکە بزانن. راستی چیرۆکەکە و بەسەرهاتەکانی ئازار بە کێ دەگەێنن لە هەمان کاتدا بۆ کێش یارمەتیدەرن؟

- با خوێندکارەکان بیر لەو پەیکەرانە بکەنەوە کە لە فیلمەکەی  "منالە وونبوەکانی هەلەبجە بەسەرهاتی زمناکۆ" بینیویانن کە یادی کیمیابارانی هەلەبجە بیر دەهێننەوە. ئەو پەیکەرانە گوزارش لە چی دەکەن؟ بۆ چی دروست کراوون؟ با خوێندکارەکان باسی هەستی رزگاربوانی ڕووداوەکە بکەن کاتێ لەو پەیکەرانە دەڕوانن. لە سەر ئەوە گەنگەشە بکەن ئایا باشترە تراژیدیای ڕووداوەکانی هەلەبجە بە بیر خۆت بێنیتەوە یاخود لە بیر خۆتی ببەیتەوە.


پرۆگرامی یادەوەری کوردستان © مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

زانیاری:

# کاریگەری ماددەی کیمیایی لە سەر لەشی مرۆڤ



پێست
– تلۆق دروستکردن
– خوراندن
– سووربونەوە

چاو
– کوێربوون
– هەوکردن
– حەساسیەت
– سووربونەوە
– سوتانەوە

راستیەکان

سوپای عێراق لە هەڵەبجە گازی خەردەل، سارین و تابونی دژ بە خەڵک بەکار هێنا.

گازی خەردەل دەبێتە هۆی کوێربوون "نابینایی"  تلۆق و سوتاوی لە سەر پێست بەجێ دێڵێ. دژوارترین کاریگەری لە بنباڵ و ژێر کەمەردایە. هەڵمژینی گازی خەردە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنێکی زۆر بە سیەکان.

نیشانەکانی گازی خەردەل لە میانی 48 کاتژمێردا دەردەکەون.

راستیەکان

کاریگەری گازی خەردەل لە سەر مرۆڤ زۆر زیاترە ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە لەم بارەدا چانسی بە تەواوی چاکبونەوە کەمە.

لەمەش زیاتر گازی خەردەل زیان بە دی ئێن ئەی لەش دەگەێنێ، واتە زیان بە نەوەی داهاتوو دەگەێنێ.

کۆئەندامی هەناسەدان

- خوێنبەربوونی لووت و بەربوونی ئاوی لووت
- پژمین
- ووشکبوونەوەی قوڕگ
- هەناسە تەنگی
- کۆکە
- ئازاری جیوب



کۆئەندامی هەرس

- ئازاری سک
- سکچوون
- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەش
- دڵ تێکهەڵهاتن
- رشانەوە

راستیەکان

ماددەی تابون شلەیەکی بێڕەنگە بۆنێکی کەمی میوە و بادەمی لێدێت کاتێ بڵاو دەبێتەوە. ئەم ماددەیەی گازی دەمار زۆر ژەهراویە بۆ لەشی مرۆڤ بە تایبەت کاتێ بەر لەش و چاو و پێست دەکەوێ یان هەلدەمژرێ لە رێی هەناسەوە.

گازی سارین پێکهاتەیەکی فسفۆڕی ئاڵۆزە وەک تابوون زیانێکی گەورە دەگەێنێ بە جهازی عەسەبی مرۆڤ.

کاتێك گازی سارین دەگاتە لەشی مرۆڤ لە وانەیە لە 10 خولەکدا بیکوژێ.

